# فۆرمناسی حەکایەتی کوردی لەسەر تیۆرەکەی ڤلادمێر پڕۆپ
## بە نمونەی حەکایەتی( ئەحمەد و کچی قاقانی کچی چین) لە کتێبی(حەکایەتی کوردەواری(1) سێ دەرمان)

(PP 23 - 40)

**د.سیروان جبار امین**
زانکۆی سۆران-فاکەڵتیی ئاداب-بەشی زمانی کوردی

**چاوەڕێ نعمت صالح**
زانکۆی سۆران-فاکەڵتیی ئاداب-بەشی زمانی کوردی

**بڵاوکردنەوە : 2020/10/29**
**DOI: https://doi.org/10.31972/jickpll19.02**

**پوختە**
حکایەت یەکێک لە ژانرە ئەدەبییە سەر زارەکییەکانە نەوتەوە جیاوازەکانیە گەردوون, ئەم ژانرە بە هۆی سەر زارەکی بونەکەیەوە حاوەن پێکە و بایەخێکی تایبەتە لە نێو دنیای ئەدەبیاتدا, چونکە مێژوویەکی دێرینی هەیە و لە هەمان کاتدا کۆی نەتەوە دەبنە خاوەنی و بەم پێسەش بەڵگەنامە و تۆمارێکی گرنگ لە بارەی ژیان و بیرکردنەوە و سەلیقە و بە گشتی شوناسی نەتەوەیی. لە سۆنگەی ئەم بایەخەوە لە چوارچێوەی ئەدەبیاتناسی جیهانیدا گرنگییەکی زۆری پێدراوە و کارەکەی پرۆپ لە ئەنجامی کۆکردنەوەی حەکایەتی زۆرێک لە نەتەوەکان و لێتوێژینەوەیان توانی هەوڵی حەکایەتناسی بەرەو ئاقارێکی ئەکادیمی بەرێت لە کۆتایدا چوارچێوە و بنەمایە پێکهێنەرە گشتییەکانی حەکایەت دەست نیشان بکات و لە شێوەی تیۆرێک لە بارەی حەکایەت بیخاتە ڕوو. ئەم هەوڵەی پرۆپ کارێکی زانستییە بۆ ناساندنی حوکایەت و جیاکردنەوەی لە ژانرە نزیک و هاوشێوەکانی وەکو ئەفسانە, هەروەها دامەزراندنی ناسنامەیەکی ژانریی سەربەخۆ بۆ دەقی ئەدەبی.
ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی ئەکادیمییە بۆ نیشاندان و شیکردنەوەی حەکایەتی کوردی لەسەر بنەمای تیۆرەکەی پرۆپ, هەروەها دیاریکردنی پێگەی حەکایەتی کوردی لە نێو حەکایەتی جیهانیدا.نمونەی وەرگیراوی توێژینەوەکە حەکایەتێکە لە کتێبی کوردەواری(1) سێ دەرمانە.
ئەم توێژینەوە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی حەکایەتی کوردی بە پێی تیۆرێکی جیهانی لە بارەی حەکایەتناسی, کە لەی زۆربەی نەتەوەکان کاری پێکراوە. تیۆرەکەی ڤلادمیر خاوەنی سی و یەک بنەمایە دیاریکردەوە. بە مەبەستی ئەوەی لایەنی فۆرمی حەکایەت دەست نیشان بکات و ئێمەش لەم توێژینەوەیەدلاا هەمان ئەو بنەمایانەمان کردەوە بە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی دەقێکی حەکایەتی کوردی و دیاریکردنی ئاستی لێکچوونیان و ئەمەش بۆ خۆی پێوانەکردنی حەکایەتی کوردی لەسەر بنەمای تیۆرێکی بەربڵاوی حەکایەتناسی لە جیهاندا.

**دەستەواژە گرنگەکان**: یەزیدی - حەکایەتی کوردی، بنەماکانی حەکایەت، ڤلادمێر پرۆپ

### پێشەکی:

ئەم توێژینەوەی بەردەست, بریتییە لە (فۆرمناسی حەکایەتی کوردی لە سەر بنەمای تیۆرەکەی ڤلادمێر پرۆپ بە نموونەی حکایەتی( ئەحمەد و کچی قاقانی چین) لە کتێبی (هەکایەتی کوردەواری(1) سێ دەرمان)دا. لەم توێژینەوەیەدا خوێندنەوەیەکی فۆرمالیستی لە ڕوانگەی پرۆپەوە بۆ فۆرمی حەکایەتی کوردی کراوە, ئەمەشیان بە وەرگرتنی تەنیا حەکایەتێک لە کتێبی هەکایەتی کوردەواری(1) سێ دەرمان)دا.
ئامانج و کێشە و پرسیاری توێژینەوەکە
ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (فۆڕمناسی حەکایەتی کوردی لە سەر بنەمای تیۆرەکەی ڤلادمێر پرۆپ"هەکایەتی کوردەواری(1) سێ دەرمان)ە. مەبەست لە فۆرمناسی حەکایەت خوێندنەوەی دیوی فۆرمی حەکایەتەکانە بە تیۆرێکی فۆرمناسی حەکایەت بە ناوی تیۆرەکەی پرۆپ, بەڵام ئەگەر لە دیوی ناوەوەی حەکایەتەکان کار بکەین ئەوە بەم تیۆرەی هەڵبژێردراوە سەرکەوتوو نەبێت, بەڵکو دەبێت بۆ (تیۆری ستوونی ) یاخود (تیۆری ناوەکی)حەکایەت کار بکەین, دامەزرێنەری ئەم تیۆرەش (لیڤی شتراوس)ە, بۆیە کاتێک دەوترێت

فۆرمناسی حیکایەتی کوردی مەبەستمان دیوی فۆرمی حیکایەتەکانە. ئەم توێژینەوەیە خوێندنەوەیەکی حەکایەتناسییە بۆ چەند حەکایەتێکی کوردی بە تیۆرێکی حەکایەتناسی جیهانی بە ناو (فۆرمناسی حەکایەت, یاخود بە تیۆری مۆرفۆلۆژی حەکایەت) یاخود زۆرجار بە (تیۆرەکەی پرۆپ) ناسراوە, کە تیۆرداریِ ژەرەکە (ڤلادمێر پرۆپ)ە.

هۆی هەڵبژاردی ئەم بابەتە وەک توێژینەوەیەکی ئەکادیمی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە, کە پێگەی حەکایەتی کوردی لەناو حەکایەتی جیهان دیارییکەین. هەورەها ئەم توێژینەوەیە لە هەوڵی وڵامدانەوەی چەند پرسیارێکە لە بارەی بونیادی فۆرمناسی حەکایەتی کوردی لە سەر بنەمای تیۆری پرۆپ.

ئەمانەن کە بوونەتە پرسیارەکانی ئامانجی توێژینەوەکە:

1-تیۆرەکەی پرۆپ و بنەماکانی چەندن و چۆنن؟

2-ئایا سیستەمی حەکایەتەکانی کتێبی (هەقایەتی کوردەواری(1)سێ دەرمان) لەسەر بنەمای تیۆری پرۆپ شایەنی توێژینەویەکی زانستییە, یاخود بە پێچەوانەوە؟

3-پێوانەکانی تیۆرەکەی پرۆپ لە بارەی حەکایەت تا چ ئاستێک لە نموونەی حەکایەتەکەی کتێبی (هەقایەتی کوردەواری(1)سێ دەرمان) ئامادەییان هەیە؟

4-ئایا هەموو بنەماکانی تیۆرەکەی پرۆپ لە کتێبی (هەقایەتی کوردەواری(1)سێ دەرمان) هەیە؟

5-کامە بنەماکانی تیۆرەکەی پرۆپ زۆرترین دەرکەوتنیان هەیە لە کتێبی حەکایەتی (هەقایەتی کوردەواری(1)سێ دەرمان)؟

ئەم پێنج پرسیارە ئامانجی ئەم توێژینەوەیەن, بە وڵامدانەوەی ئەم پێنج پرسیارە دەتوانین لە چیەتی تیۆرەکەی پرۆپ بگەین؟ و دیارکردنی لایەنی فۆرمی حەکایەتی کوردی بە پێی تیۆرێکی جیهانی لە بواری حەکایەتدا, هەروەها ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت لایەنی فۆرمی حەکایەتی کوردی بە پێی پێوانەی تیۆرەکەی پرۆپ لە چ ئاستێکدایە.

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا دوو گریمانە دەکات. یەکەم, گریمانەی ئەوە دەکەین ئەگەر پرۆپ خوێندنەوەی بۆ حەکایەتی چەند نەتەوەیەک کردبێت و گەڕابێتەوە بۆ زەمەنێکی دوور کە نەتەوەکان هێشتا بیریان لە میراتی فیکری و کلتووری ژانری جیاوازیان نەکردۆتەوە, ئەمەش بەهۆی ئەوەی هەموو حەکایەتی بە یەک یاسا خوێندیتەوە, ئەگەر حەکایەتی کوردی بەم تیۆرە بخوێندرێتەوە, کەواتە ئەوکات ئێمەش بەشدارین لەو مێژووەی حەکایەت, کە لە جیهاندا هەیە, چونکە ئەوە ئێمەش دەچێتەوە سەر هەمان ڕەگ و ڕیشە. دووەم, گریمانەی ئەوە دەکەین لە حەکایەتی کوردیدا بنەماکانی تیۆرەکەی پرۆپ بوونی هەیە و دەکرێت بە تیۆرەکەی پرۆپ فۆرمی حەکایەتی کوردی دەستنیشان بکەین و بە جیهان بڵێین حەکایەتی کوردیش لە ئاستی حەکایەتی جیهاندایە.

گرنگترین کێشەی ئێمە ئەوەیە پێمانوا نییە حەکایەتی کوردی دابراوە بێت و بەشێک نەبێت لە حەکایەتی جیهانی, ئێمە دەمانەوێت ئەوە ساغبکەینەوە ئایا دابڕاوین لە سیستەمە جیهانییەکە, یاخود نەخێر بەشێکن لە کلتووری جیهانی حەکایەت, هەرچەند مێژووەکەی کۆنیش بێت, بە جۆرێک لە جۆرەکان ئێمەش بەشدارین.

لایەنی میتۆدۆلۆژی توێژینەوەکە کارکردنە بە میتۆدی شیکاری. بە میتۆدی شیکاری کار لەسەر تیۆرەکەی پرۆپ دەکەین. ئێمە لە ناو حەکایەتی کوردیدا شتێکمان دۆزیوەتەوە و دەمانەوێت ئەم شتەی کە لە حەکایەتە کوردییەکان دۆزیومانەتەوە دەیبەینەوە سەر (31)بنەمای مۆرفۆلۆژی حەکایەتناسی پرۆپ.

گرنگی بابەتەکەی ئێمە لەوەدایە, ئەوەندەی ئێمە ئاگادریین, ئەم شێوە ئیشکردنە لە ڕیزی یەکەمین کارەکانە کە لە بارەی فۆرمناسی حەکایەتی کوردیدا بە زمانی کوردی نوسرابێت, ئەگەرچی (د. شوکریە ڕەسول) لە کتێبی (حەکایەتی خورافی کوردی لە ڕووی مۆرفۆلۆژیەوە) بە کورتی ئاماژەی بە فیکرەکەی پرۆپ داوە, بەڵام بەوردی تیۆرەکەی ڤلادیمێر پرۆپ بە خوینەر ناناسێنێ و نەیتوانیوە چیەتی تیۆرەکەی پرۆپ بە خوێنەر بناسێنێ. ئەمەش بەهۆی ئەوەی (د. شوکریە رسوڵ) لە خودی کتێبەکەی پرۆپی وەرنەگرتەوە, بەڵکو بە

وەرگیراوی تیۆرەکەی پرۆپی لە کتێبەکەی (د. نبیلە ابرهیم) وەرگرتووە, (دکتۆرە شوکریە) لەو کتێبەی تەنیا (6)بنەمای پرۆپی وەرگرتووە لە کۆی (31)بنەما ئەوانیش (دورکەوتنەوەی پاڵەوان, پەرەنگاری کەسێتی یاریدەدەر, جێبەجێکردنی مراز و سەرکەوتن, ململانێی کەسێتی بەد, سەرکەوتن بەسەریا, گەرانەوەی کۆشک و خێزان)(1)(د. شوکریە) لە هەڵبژاردنی ناوی بنەماکانیش سەرکەوتوو نەبووە, چونکە لە خاڵی شەشەم کە لە سەرەوە ئەماژەمان پێیدا بۆ نموونە لە خاڵی شەشەمی ناوی (گەڕانەوەی کۆشک و خێزان) لە تیۆرەکەی پرۆپ لە ناو بنەمای (23) کە هێماکەی(P) بە مانای گەڕانەوە بەکارهاتووە, هەروەها بنەمای(31) کە هێماکە(N ( بە مانای زەواجکردن بە کارهاتووە, بۆیە ئەوەی (د. شوکریە رسول) دەکرێت توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی حەکایەتی لە بارەوە بنوسرێت, چونکە لە ناویشانی کتێبەکە باس لە (حەکایەت) دەکات, بەڵام لە بەشی یەکەمی کتێبەکە ناونیشانی یەکەم بریتییە لە (زاراوە و پێناسەی حەکایەتی خورافی)(شوکری,17:2003), لە تەوزیفی ئەو ناونیشانە بەم شێوەیە دەستپێکردەوە (ئەفسانە(Mythos) بە واتا کلاسیکییەکە, کۆمەڵێک حەکایەت یا خوراقات دەگرێتەوە...هتد)(شوکری,17:2003), نوسەر تێکەڵاوییەکی زۆری کردووە لە نێوان ژانری (حەکایەت) لەگەڵ ژانری (ئەفسانە). هەر یەکێک لەمانە دوو ژانری جیاواز و سەربەخۆن. (لە بابەتی دواتر بە وردی سنووری نێوانیان دیارکراوە) لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شێوە کارکردنەی ئێمە, ئەوندەی ئێمە زانیاریمان هەبێت یەکەم کاری لەو جۆرەیە لە توێژینەوەی ئەدەبی کوردیدا, لە کاتێکدا نەتەوەکانی وەک (فارس, عەرەب و ئینگلیز) زۆربەی حەکایەتەکانی خۆیانیان بەم تیۆرە پیوانەکردووە بۆ ئەوەی بە جیهان بڵێن حەکایەتی ئێمەش بە شێکە لە حەکایەتی جیهانی.

پێکهاتەی توێژینەوەکەی ئێمە بەم شێوەیە دابەش دەبێت: سەرەتا ڕوونکردنەوەی چەمکە سەرەکییەکانی وەکو باسێکی کورت لە بارەی حەکایەت, پاشان پەیوەندی حەکایەت و ئەفسانە چییە؟ پرۆپ کێیە؟ کارەکانی پرۆپ لە بواری حەکایەتناسی چین؟ پاشان (31) وەزیفەکە تیۆری پرۆپ کە کارە تایبەتەکەی پرۆپە شیدەکەینەوە بە نموونە وەرگرتن لە حەکایەتی کوردیدا لە کتێبی (هەقایەتی کوردەواری(1)سێ دەرمان)دا. دواتر ئەنجامە بە دەست هاتووەکان پێکەشکراوە لە دوای ئەمەش پەراوێزەکان و لیستی سەرچاوەکان پێشکەشکراون.

### 1-بەشی پراکتیکی

### 1-1-پێناسەی حەکایەت

لە بارەی پێناسەی حەکایەت لە توێژینەوەی کوردیدا زۆربەی کات نەتوانراوە سنووری ژانری حەکایەت دیاری بکرێت, دیارنەبوونی سنووری ژانری حەکایەت لای توێژەرانی کوردی بەشێک لە توێژەرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش نەتوانراوە پێناسەیەکی بێ کیشە و بێ کەموکوڕی بۆ ژانری حەکایەت بکەن, ئەمەش بەهۆی ناڕوونی کیشەی سنووری ژانر لە لای توێژەرانەوە.

لە بارەی پێناسەی حەکایەت دەگوترێت حەکایەت بریتییە لە (گێڕانەوەیەکی سەر زارەکی ڕێکوپێک) (موحسین, 283:2012) ئەم پێناسەیە بە وردی دەستنیشانی حەکایەتی نەکردووە, چونکە هەموو داستانەکانیش لە خۆیدا کۆمەڵێک گێڕانەوەن بە تێپەڕبوونی مێژوو و دەماودەمکردنی گێڕانەوەکان بوون بە داستان, بۆ نموونە داستانی (مەم و زین) چەندین گێڕانەوەی سەر زارکی ڕێکوپێکی هەیە. (د. ئیدریس) پێیوایە (هەکایەت فۆرمێکی گێڕانەوەییە, ئەو بەسەرهات و ڕووداوانە دەگرێتەوە, کە ڕاستەقینەن, یان ڕووداوە ڕاستەقینەکە لە بیری هەقایەتخوانەکە بە سوود وەرگرتن لە خەیاڵەوە بە پرۆسەیەکی عەکسیەوە بەرهەمی هێناوە, ڕەگەزە ئەدەبییەکان وەکو سۆز و خەیاڵ و بیر دەوری جوان دەبینن لە داڕشتنەوەی, مەبەستی چێژبەخشین و واتاگەیاندنە بە خەڵکی) (ئیدریس, 27:2014). ئەم پێناسەیە دەکرێت هەندێک دروستر بێت بۆ نیشاندنی چیەتی حەکایەت.

دەکرێت لە بارەی پێناسەی حەکایەتەوە بڵێین: حەکایەت بریتییە لە گێڕانەوەیەکی سەر زارەکی کە مەودای پێکهاتەی دەرکەوتنی فۆرمە هەمەکییەکانی گێڕانەوەی تێدا کەمترە بە بەراورد لەگەڵ ژانرەکانی تری گێڕانەوە. کە ئەمانجێکی سەربەخۆی هەیە و ئامانجەکەی جیا لە هەموو ژانرەکانی تر ئەمیش ئامانجێکی ئەخلاقی فێرکای لە پیشتەوەیە. بە زمانێک دەگێڕدرێتەوە کە کەسی خوێندەوار و نەخوێندەوار دەتوانێت ئامانجەکەی هەست پێ بکات, تەنانەت عەقلی منداڵەکانیش دەتوانێت ئامانجەکەی هەست پێ بکەن و چێژی لێ ببینێت, ئەمەش بەهۆی کەمیەتی میتافۆری فیکری و زمانی لە حەکایەکاندا.

**2-1-جیاوازی نێوان حەکایەت و ئەفسانە**

ئەفسانە وەک ژانرێکی سەربەخۆ چ پەیوەندییەکی بە ناویشانی ئەم توێژینەویە هەیە؟ ئەم بابەتە بۆ لێرە هاتووە؟ مەبەست لە باسکردنی ئەفسانە چیە؟ بۆچی ژانری ئەفسانە خۆی خزاندە ناو ئەم توێژینەوەیە, لە کاتێکدا لە ناونیشانی توێژینەوەکە هیچ ئاماژەیەک نابینرێ بە ناوی ئەفسانە, بەڵکو ئەوەی لە ناونیشان هاتووە حەکایەتە؟ تەمومژی و لێڵی و تێکهەڵی لە نێوان ژانری حەکایەت و ژانری ئەفسانە لە توێژینەوەی ئەدەبی کوردیدا ناچاریکردین لەم توێژینەوەیەدا بابەتێکی لەم شێوەیە ببێتە باسێک بۆ ئێمە, ئەگەرنا لەم توێژینەوەیەدا کارمان لەسەر ژانری ئەفسانە نەکردووە. بەڵکو ژانرێکی سەربەخۆیە لە ناو کۆی ژانرە ئەدەبیەکاندا.

ئەوەی وایکرد ئەفسانە وەک ژانرێک ببێتە ناو بەسەکەمان تێکەڵاوی و نادیاریی سنووری ژانری ئەفسانە و حەکایەتە لە توێژینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا, چونکە لە بەشێکی زۆری توێژینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا تێکەڵی لە نێوان ژانری حەکایەت و ئەفسانەدا هەیە, لە کاتێکدا ئەفسانە جیایە لە حەکایەت و حەکایەتیش هیچ کات ئەفسانە نییە, بەڵکو هەندێک ڕەگەزی هاوبەش هەیە لە نێوانیانیاندا, ئەمەش کارێکی ئاساییە, چونکە هەردوو ژانرەکە سەر بە زانستی (گێڕانەوە)ن. تەنیا چەند نموونە پێشکەش دەکەین لە بارەی تێکەڵی ژانرەکان لە توێژینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی و فەرهەنگی ئەدەبی کوردیدا. (د. شوکریە رسول) لە بەشی یەکەمی کتێبی (حەکایەتی خورافی کوردیی لە ڕووی مۆرفۆلۆژیەوە), لە یەکەم بابەت بە ناوی (زاراوە و پێناسەی حەکایەتی خورافیی) (شوکری,17:2003)دا لە بری ئەوەی زاراوەی (حەکایەت) شیبکاتەوە نووسیویەتی (ئەفسانە بە واتا کلاسیکییەکە, کۆمەڵێک حەکایەت یاخود خورافیات دەگرێتەوە) (شوکری,17:2003), (دکتۆرە شوکریە) باسی ئەفسانەی کردووە بەوە ئەفسانە کۆمەڵێک حەکایەتە, بەم قسەی (دکتۆرە شوکریە) بێت, ئەو کتێبەی هەڵبژێردراوە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکهاتووە لە (29) حەکایەت, ئێمە پرسیارێک دەکەین ئایا ئەمانە حەکایەتن, یاخود ئەفسانەن؟ بە دڵنیاییەوە ئەفسانە نین, بەڵکو حەکایەتن, بۆیە (د. عزیز گەردی) زۆر بە وشیارییەوە ناویشانی کتێبەکەی ناو ناوە (هەکایەتی...), ئەم ناولێنانەی (د. عزیز) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شارەزاییەکی باشی هەیە لە ئەفسانەناسی و چەندیین کتێبی ئەفسانەی نەتەوەکانی وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی لەوانە (ئەفسانەی ئەفریقی, ئەفسانەی هیندی... هتد). جگە لەمەش

(د. شوکریە) لە کتێبەکەی تێکەڵی لە نێوان (ئەفسانە) و (حەکایەت) و (خورافە)کردووە, (د.شوکریە) خورافەی کردۆتە حەکایەت لە کاتێکدا خورافە لە ئەفسانە نزیکترە لەوە لە حەکایەت, چونکە, هەموو خورافەیەک بەشێکە لە پێکهاتەی ئەفسانە, بەڵام هەموو ئەفسانەیەک نابێتە خۆرافە (ئیدریس, 110:2014), پەیوەندی نێوانیان وەک پەیوەندی (گشت و بەش) وایە.

ئەوەی زۆر جێگەی تێڕامانە لە کتێبەکەی (د. شوکریە) تێکەڵکردنی ناوەرۆکی (حەکایەت) و (ئەفسانە)یە, وەک ئەوەی لە بارەی ناوەڕۆکی حەکایەت نووسیویەتی(حەکایەتی خورافی جۆرێک بوو لە هۆشیاری کۆمەڵایەتی. بەم پێیە مرۆڤ هەوڵدەدا لە نهێنییەکانی گەردوون, لە سروشت و دەورەوبەر, لە گۆڕانی سروشت تێبگات و نهێنی مان و نەمانی هێزە دژ بەیەکەکان لە شێوەی حەکایەتی فەنتازیی خەیاڵئامێز دروستبکات) (شوکری,14:2003), ئەم دیاریکردنەی ئامانج و ناوەرۆکی حەکایەت لە لایان (د. شوکریە), دەمانخاتە بەردەم پرسیارێک, ئەی ناوەرۆکی ئەفسانەکان باسی چی دەکەن, ئەگەر ئەم ناوەرۆکی حەکایەت

بێت؟ (د, مەولود ئیبراهیم حەسەن) لە نامەی ماستەرەکەی کە تایبەتە بە ئەفسانەناسی بە ناونیشانی (گەڕان بە دوا نەمریدا) بەم شێوەیە ناوەرۆکی ئەفسانەکان دەخاتەڕوو ((پرسیار و ترس لە بابەتی مردن, پرسار لە چیەتی گیان(روح), پرسیار لە بارەی ناشتنی لاشەی کەسە مردووەکە, پرسیار لە بارەی دۆزەخ و بەهەشت, پرسیار لە بارەی خودا, پرسیار لە بارەی مەبەست و ئامانج لە ئافراندنی مرۆڤ, پرسیارە لە بارەی مەسەلەی گەیشتن بە خودا, گەڕان بە دوای نەمری, پرسیارکردن لە بارەی ژیانی دوای مردن"زیندووبونەوە")) (مەولود2002:(88-154), هەموو ئەمانە ناوەرۆکی بابەتی ئەفسانەن, بەڵام (د. شوکریە) ئەمانەی کردوونە بە ناوەرۆکی بابەتی ژانری حەکایەت, لە کاتێکدا لە کتێبەکەی خۆی نموونەی چەند حەکایەتێکی وەرگرتووە هیچ حەکایەتێک لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ئەمانەی باسنەکردووە, بە نموونە ناوەرۆکی حەکایەتی یەکەمی ناو کتێبەکەی (د. شوکریە) ناوەرۆکی حەکایەتەکە (فێڵکردنی دوو برایە لە براکەی تر بۆ ئەوەی ببن بە پادشا), ناوەرۆکی حەکایەتەکانی تریش وەزیفەیەکی ئەخلاقیمان فێر دەکەن, هیچ یەکێک لەو حەکایەتە بەکارهاتووانەی ناو کتێبەکەی (د. شوکریە) خۆی لە قەرەی ئەو بابەتانە نەداوە کە خۆی باسیکردوون, پێدەچێت (د. شوکریە) ئەم بابەتانەی لە کتێبی (ئەفسانە)ی (د. نبیلە ابراهیم) وەرگرتبێت, چونکە ئەو جۆرەکانی ئەفسانە لەسەر بابەتی ئەفسانەکە دەستنیشانکردووە وەک (ئەفسانەی کەونی, ئەفسانەی هۆدۆزی (شیکاری دیاردە سروشتیەکان), ئەفسانەی شارستانی (زۆرانبازی لەگەڵ ژیان), ئەو وەزیفە بابەتییانەی (د. شوکریە) بۆ حەکایەت ی داتاشیون ئەوە (د.نبیلە) بۆ ئەفسانەی دەست نیشانکردوە") (نبیلە1986:(37-86). (د. ئیدریس عبدولا) حەکایەتی لە ڕووی ناوەرۆکەوە بەسەر پێنج جۆر دابەشکردووە (حەکایەتی ئاینی, حەکایەتی کۆمەڵایەتی, حەکایەتی سیاسی, حەکایەتی ڕاستکردنەوە, حەکایەتی پەروەردەیی) (ئیدریس, 2014: (38-48). ناوەرۆکی حەکایەتە بەکارهاتووەکانی نێو کتێبەکەی (د. شوکریە) لەم بابەتان دەخولێنەوە کە لە کتێبەکەی (د. ئیدریس) هاتوون. لە فەرهەنگی ئەدەبی کوردیدا لە باسی ژانرەکان تێکەڵی کراوە لەگەڵ ژانرێکی تر وەک (نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد) پێیوایە (ئەفسانە چیرۆکێکی میتافیزیکی و باسروشتی و خەیالییە) ")(نەوزاد2011:( 177), ئەم تێکەڵکردنی ژانرە لای (د. ئیدریس)ش بەدی دەکرێت (دکتۆر ئیدریس) حەکایەت و ئەفسانەی بە چیرۆک هەژمارکردوون (ئەفسانە و حەکایەت هەردووکیان چیرۆکن) (ئیدریس, 2014:(62) هیچ ئەفسانەیەک حەکایەت نییە و هیچ حەکایەتێکیش چیرۆک نییە, چونکە ژانری چیرۆک لەگەڵ ژانری ئەفسانە و ژانری حەکایەت جیاوازن و سەربەخۆیی خۆیان هەیە, بەڵام هەر سێکیان سەر بە زانستی گێڕانەوەن, تێکەڵکردنی سنووری ژانرەکان و ناوی ژانرەکان بۆ ناساندنی ژانرێکی تر شتێکی زۆر باوە لە توێژینەوەی ئەدەبی کوردیدا, ئەمەش بەهۆی دیارنەبوونی سنووری ژانرەکانە لای توێژەرانی کورد.

ئەم باسە بە ئامانجی ڕاستکردنەوەی ئەم هەڵە زۆر باوەی نێو توێژینەوەی فۆلکلۆری کوردی لێرە باسکراوە. بەچەند خاڵێک لە ڕووی فۆرم و ناوەرۆکەوە سنووری هەر یەکە لە ئەفسانە و حەکایەت دیاری دەکەین بۆ ئەوەی بتواین چیەتی ئەفسانە لە چیەتی حەکایەت جیابکەینەوە.

**1-2-1: لە ڕووی فۆرمەوە**

1-2-1-1-حەکایەت لەگەڵ ئەفسانە لە ڕووی درێژی و کورتی لە یەکتر جیاوازن, حەکایەت لە چەند لاپەڕەیەکی کەم ناکات, بەڵام ئەفسانەکان کات و کەس و ڕووداو و شوێنەکانی زۆر زیاترن لە حەکایەت وەک ئەفسانەکانی (گلگامێش, ئۆدیب, سیزیف ئۆدیس... هتد), دەکرێت ئەم خاڵە یەکێک بێت لەو خاڵانەی هاوکاربێت بۆ جیاکردنەوەیان سنووری نێوان ئەم دوو ژانرە, وەک چۆن ڕۆمان و چیرۆک بە درێژی و کورتی لە یەک جیادەکرێنەوە, بە هەمان شێوەش دەکرێت ئەم دوو ژانرەش بەم شێوەیە لەیەک جیابکرێنەوە.

1-2-1-2-دەستپێکی حەکایەت زۆربەی کاتەکان بە (هەبوو نەبوو کەس...)(جارێکیان پاشایەک هەبوو...) (دەگێڕنەوە دەڵێن...) دەستپێدەکات, بەڵام ئەفسانە بەم شێوەیە نییە, بەڵکو دەستپێکێکی سەربەخۆی هەیە.

1-2-1-3-کۆتای حەکایەت کۆتاییەکی داخراوە لە بارەی ئامانجی نەوەرۆکی بابەتەکە, ئەوەی دەیەوێت ئامانجە بابەتییکەی کە ئامانجێکی ئەخلاقییە, پێکاویەتی و ئەنجام بەدەست هاتووە, بەڵام ئەفسانە کۆتاییەکی کراوەی هەیە هێشتا دەتوانرێ بۆی زیاد بکرێت و وەڵامێکی تەواو و کۆنکرێتی پرسیارەکانی نەداوەتەوە.
1-2-1-4-پاڵەوان لە حەکایەت کەسێکی سروشتییە خاوەنی هێزێکی باڵای مەعنەوییە, یاخود شتێکی ماددەی بۆتە هۆی پێدانی هێزێکی باڵا, بەڵام لە ئەفسانە پاڵەوان لە کۆتایی دەبێتە خوداوەند, ,سەرچاوەی ناسنامەی پاڵەوانەکان لە ئەفسانەکان دەگەڕێتەوە بۆ لای خوداوەندەکان.

**1-2-2: لە ڕووی ناوەڕۆکەوە**

1-2-2-1-توێژەر ئەم خاڵە بە شا خاڵی جیاکردنەوەی سنووری نێوان ژانری ئەفسانە و ژانری حەکایەت دەبینێت, چونکە هەموو ئەو تایبەتیمەندییانەی (د. مەولود ابراهیم) بۆ ئەفسانەی داناوە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە حەکایەتیش هەیە بۆ نموونە (د. مەولود ابراهیم) پێیوایە پاڵەوان تەواو نالۆژیکییە لە ئەفسانە, بەڵام لە حەکایەتیشدا نالۆژیکی هەیە (وەک بوونی مارێک کە قسە دەکات و خەون دەبینێ و خەونی پادشا شیدەکاتەوە), بۆیە ئەمە بە تەواوی و بە کۆنکرێتی سنووریان جیاناکاتەوە, یاخود (د. مەولو ابراهیم) پێیوایە کەرستەی ئەفسانە لەگەڵ کەرستەی حەکایەت جیاوازە, بەڵام پرۆپ لە بنەمای (هاوکاری نەخوازراو) کە هێماکەی(G) لە بڕگەی (X2) و(X11) یاخود لە بنەمای (کەمیەتی) کە هێماکەی (X) لە بڕگەی (X2) ئاماژەی داوە بە کەرستەکانی پاڵەوان لە حەکایەت کە هەمان ئەو کەرستانە (د. مەولود) بۆ ئەفسانە ئاماژەی پێداوە, بۆیە بەم تایبەتمەندییە گشتییانە ناتوانین سنووری نێوانیان بە ڕەهای دەستنیشان بکەین, بەڵام تاکە خاڵ کە دەکرێت ئەمەی پێ بکرێت بۆ جیاکردنەوەی سنووری هەر دووکیان تەنیا ناوەڕۆکە, کە ناوەڕۆکی حەکایەت ئەخلاقییە, ناوەڕۆکی ئەفسانە پرسیاری فیکری و فەلسەفین. لە زانستی ژانرەکان شتێکی ئاساییە کە لەسەر بنەمای ناوەڕۆک ژانرێک لە ژانرێکی تر جیابکرێتەوە بۆ نموونە تراژیدیا و کۆمیدیا بە ئامانجە ناوەڕۆکییەکە لە یەکتر جیادەکرێنەوە.

**1-3-ناساندنی پرۆپ و کارەکانی لە بواری حەکایەتناسیدا**

ڤلادمێر یکۆڤیچ پرۆپ لەدایکبووی ساڵی 1984ی شاری پیترسبۆرگی وڵاتی یەکیەتی سوڤیەتی پێشووە, پرۆپ ژیانی منداڵی لە بنەماڵەیەکی خانەدان و ئەرستۆکراتی بەڕێکردووە, خانەوادەی پرۆپ بە ڕەگەز خێزانێکی ئەڵمانین, بەڵام نیشتەجێی روسیای ئێستا بوون. پرۆپ لە ساڵی 1932 لە زانکۆی پترسبۆرگ وەک مامۆستا درێژەی بە کارەکانی داوە, ئەوە بوو لە ساڵی 1938 توێژینەوەیەکی ئەنجامدا لە بارەی لایەنی فۆرمی حەکایەتی زۆربەی نەتەوە زیندوەکانی ئەو کات, بە کۆکردنەوەی چەندین حەکایەت لە ئەدەبی نەتەوە جیاوازەکان و بە خوێندنەوە و شیکردنەوەی لایەنی فۆرمی هەموو حەکایەتەکان. پرۆپ لە بیرۆکەکەی گەیشتۆتە دامەزراندنی سیستەمێکی گشتگیر بۆ لایەنی فۆرمی حەکایەتەکان. پرۆپ لە ساڵی 1970 کۆچی دواییکردووە. (خلیل:2008:(187).

پرۆپ یەکێکە لە فۆلکلۆرناسە فۆرمالیستە رووسەکان, پرۆپ وەک فۆرمالیستێک لە دەفتەری یاداشتەکانی ڕۆژانەی خۆیدا دەنووسێت (لە مندا خۆشەویستییێکی شێتانە هەیە, لە یەکەم بینینی هەر شتێک فۆرم دەبینم.... لە یادمە ڕۆژێک گۆڤارێکم لە بەردەست بوو دەمخوێندەوە, پاشان ژمارەی دوای ئەو ژمارەیەشم خوێندەوە, خێرا بۆم کەشف یوو کە فۆرمی هەموو سوژەکان یەک شتە)(زینب,2017:(206). پرۆپ وەک فۆرمالیستێک بە وردبوونەوە لە چەندین حەکایەتی نەتەوە جیاوازەکان توانی تیۆرێک بۆ دیاریکردنی فۆرمی هەموو حەکایەتەکان دیاری بکات, ئەمەش لەسەر بنەمای ئەوەی کە حەکایەتی گشت نەتەوەکان یەک فۆرمی گشتگیری

هەیە, دەکرێت بە ژانری سەرەتای دابنێین, چونکە هەموو نەتەوەکان تیایدا هاوبەشن. پرۆپ لە تیۆرەکەیدا لە بارەی فۆرمی حەکایەتەکان گەیشتە دامەزاندنی سیتسەمێک بۆ فۆرمی هەموو حەکایەتەکان بە خوێندنەوەی حەکایەتەکان, پرۆپ تیۆرەکەی لە (31) بنەما دارشتووە, بەڵام هەر بنەمایەک لە ناوخۆیدا چەندین برگەی هەیە, پرۆپ زۆر بە وردی بونیادی فۆرمی هەموو حەکایەتەکانی شیکردۆتەوە.

پرۆپ لە بارەی حەکایەتناسی خاوەنی دوو کتێبە ( Morphology of the Folk Tale)( Theory and History of Folklore). کتێبەکانی پرۆپ بە تایەتی ئەوەی ئێمە لەم توێژینەوەیە بەکارمانهێناوە لە ساڵی (1958) وەرگێردراوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی, لە ساڵی (1967) ئەم تیۆرەی پرۆپ کراوەتە زمانی ئیتاڵی (پراپ,1396ه:(23) لە ساڵی (1989) وەرگێردراوە بۆ سەر زمانی فارسی, بەڵام ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین نەکراوە بە زمانی کوردی.

ڤلادمێر پرۆپ فۆرمی حەکایەتەکانی دابەشکردووە بەسەر (31) بنەمای سەرەکی, هەر بنەمایەک خاوەنی هێمایەکە بۆ ناسینەوە, لە نێوان بنەماکان پەیوەندەییەکی توند و تۆڵ هەیە, بۆ تێگەیشتن لە بنەمایەک دەبێت زانیاری تەواوت هەبیت لە بارەی بنەماکانی تر, چونکە وەک چەند بازنەیەک بە ناویەکدا ڕوو چوونە. هەر بنەمایەک لەم بنەمایانە خاوەنی چەند بڕگەیەکن. بنەماکانی بەم شێوەیە دابەشکردوون:

| ژ | بنەماکان | ژ | بنەماکان | ژ | بنەماکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دورکەوتنەوەe | ١٢ | ڕۆیشتنی پاڵەوانÎ | ٢٣ | ڕزگاربوونS |
| ٢ | قەدەغەکردنk | ١٣ | یەکەم کاری بەخشندەD | ٢٤ | دورکەوتنەوە پاڵەوان لە فۆرمی نەناسراو(ە) |
| ٣ | سەرپێچیY | ١٤ | کاردانەوەی پاڵەوانH | ٢٥ | بانگەشەی درۆینەی پاڵەوانL |
| ٤ | بەدوا داگەڕنV | ١٥ | بەدەست هێنانی کەرستە سێحراویەکەZ | ٢٦ | ئەنجامدانی کاری سەختF |
| ٥ | هەواڵ وەرگرتنW | ١٦ | گەواستنەوە لەسەر زەمینێکەوە بۆ سەرزەمینێکی ترR | ٢٧ | ناسینەوەI |
| ٦ | فێڵj | ١٧ | ململانێL | ٢٨ | ئاشکرابوونDv |
| ٧ | هارکاری نەخوازراوg | ١٨ | نیشانەکردنM | ٢٩ | شێوە گۆڕینTr |
| ٨ | شەڕX | ١٩ | خالّی سەرکەوتنV | ٣٠ | سزادانPu |
| ٩ | کەمیەتیx | ٢٠ | نەمانی شەڕE | ٣١ | هاوسەرگیریN |
| ١٠ | چرکەساتی پەیوەندیکردن | ٢١ | گەڕانەوە | | |
| ١١ | بڕیاردانی پاڵەوانw | ٢٢ | چاودێریP | | |

2-پراکتیزەکردنی بنەماکان




پراکتیزەکردنی بنەماکاتی حەکایەتناسی پرۆپ لە سەر کتێبی (هەقایەتی کوردەواری(1) سێ دەرمان بۆ نموونەی حەکایەتی ژمارە (20) بە ناونیشانی (ئەحمەد و کچی قاقانی چین), لەم بەشەی توێژینەوەکەماندا کار لە سەر دۆزینەوەی بنەماکانی تیۆری پرۆپ دەکەین لە حەکایەتی هەڵبژێردراو:-

**2-1باری یەکەم:e**

**2-1-1-دوورکەوتنەوە(e):**

یەکێک لە بنەماکانی پرۆپ دوورکەوتنەوەیە, کەسێک بەهۆکارێک لە هۆکارەکان دووردەکەویتەوە, دوورکەوتنەوەکانیش سێ جۆرن (دوورکەوتنەوەی کەسە گەورەکان "(e1" ,(مردنی گەورەکان"e2") , (دوورکەوتنەوەی گەنجەکان"e3"). لە حەکایەتەکەدا ئەم بنەمای تیۆرەکەی پرۆپ بە ئاشکرا دەرکەوتووە. (کاشیگر,1368ه:(52)

**((رۆژی باوکی کلۆڵی نەخۆش کەوت و زۆری پێ نەچوو ئەمری هەقی بە جێ گەیاند))** (عزیز,2014:(176).

ئەم دوورکەوتنەوەیە لە جۆری دوورکەوتنەوەی کەسە گەورەکانە کە هێماکەی(e1).

لە سەرەتای دەستپێکردنی گێرانەوەکە باوکی پاڵەوان بەهۆی نەخۆشییەوە دەمرێت, ئەمەش لە جۆری دووەمی دوورکەوتنەوەکەیە کە مردنی کەسە گەورەکانە (e2)ە.

پاڵەوانی سەرەکی حەکایەت ڕاستەوخۆ دوای مردنی باوکی بڕیاری ڕۆیشتن و دوورکەوتنەوە دەدات لە زێدی خۆیدا.

((ڕۆژی کورەکە هەوای گەشت و گەران لە سەری داو داوای لە دایکی کرد شیری خۆی پێ حەڵاڵ بکاو ڕێی بدا بچێتە سەفەر بۆ ئەوەی شارو وڵاتەکانی دی ببینی و بزانێ لەو دونیا گەورەیە چ هەی و چ نییە)). (عزیز,2014:(187).

**2-1-2-قەدەغەکردن(k):**

بنەمای دووەمی هاتوو لە تێوەکەی پرۆپ بریتییە لە قەدەغەکردن, پاڵەوان داوای لێ دەکرێت شتێک نەکات یاخود نەخوات, یاخود داوای لێدەکرێت فرمانێک ئەنجام بدات, قەدەغەکردن دوو جۆرە (قەدەغەکردن بە خواردنی شتێکک "k1"), (دەستوردانی بەکردنی شتێک"k2"). (کاشیگر, 1368ە:(52-53).

**((ڕۆڵە خوای بانی سەر ئاگادارە حەز دەکەم بمرم بەلام تۆ لێم دورنەکەویتەوە)) (عزیز,2014:(187).** لەم خاڵە دایکی داوای لێ دەکات دوورنەکەوێتەوە و نەچێت بۆ هیچ شوێنێک, ئەم جۆرەی قەدەغەکردنە لەسەر پاڵەوان لە جۆرەیە کە داوای لێدەکرێت شتێک نەکات, لێرەدا ڕۆیشتنە کە هێماکەی (k2)ە.

**3-1-2 - قەدەقە شکێنی (q):**

تێگەشیتن لەم خاڵە کە هێماکەی (q)یە پەیوەستە بە تێگەشتین لە خاڵی (k)ی, خاڵەکان پەیوەستن بەیەکتر, چونکە تیۆرەکە بەشێوەی زنجیرەیی دارێژراوە. لەم خاڵەدا پاڵەوان قەدەغە شکێنی دەکات و بڕیار و داواکانی کە لە خاڵی سەرەوە کرابوون دەشکێنی و پێوەی پەیوەست نابێت و تەجاوزی داواکان دەکات. جۆرەکانی قەدەغە شکێنی ڕێک پەیوەستە بە دوو جۆری قەدەغەکراوەکە, کە لە خاڵی پێش ئەم خاڵە باسمانکرد, قەدەغە شکێنی بە دوو جۆر دەکرێت (شکاندنی ئەوەی داوای لێکراوە نەکات"q1") (شکاندنی دەستوری ئەو فرمانەی کە داوای لێکرابوو بکات"یاخود پێوەیە مولزەم بێت"q2")(کاشگیر,1368:(54).

**((ئەحمەد دەستی پیرە دایکی ماچ کردوو شیرەکەی لەملی کردو سواری ئەسپەکەی بوو ڕۆیش. زۆر دەشتی سەوز و چیای سەخت و ڕوباری خۆڕی بری. هەر ڕۆیشت تا شل و شەکەت بوو))(عزیز.2014(188)**

لەم پەڕەگرافە قەدەغە شکێنی پاڵەوان نیشاندەدات کە بڕیاریدا لە ماڵ دووربکەوێتەوە, لەم خاڵە ئەنجامی دوو خاڵی پێشتر باشتر ڕوون دەبێتەوە, چونکە پاڵەوان دوورکەوتووەتەوە لە ماڵ و پاشانیش مولزەم نەبوو بەوەی داوای لێکرابوو. لەم پەڕەگرفەی سەرەوە حەکایەتەکە قەدەغە شکێنی لە جۆری شکاندنی دەستوری ئەو فرمانەی کە داوالێکرابوو نەکات, پاڵەوان کردی, ئەم جۆرەی قەدەغە شکێنی لەم پەڕەگرافە لە جۆری(q2)ە.

**4-1-2-بەدواداگەڕان w:**

یەکێکی تر لە برگەکانی تیۆرەکەی پرۆپ بەدواداگەڕانە, بەدواداگەڕان بە مەبەستی دۆزینەوە و دەستکەوتی زانیاری (کاشگر,1368ە:(54). بەدواداگەڕان سێ جۆرە (بەدواداگەڕانی دژە پاڵەوان لەبارەی پاڵەوان"w1"), (بەدواداگەڕانی پاڵەوان لە بارەی دژ پاڵەوان"w2 "), (بەدواداگەڕانی کەسی سێیەم"w3") (کاشگر,1368ە:(55-56)

دەرکەوتنەکانی بەدوادەگەڕان بە شێوەی ڕاستەوخۆی و ناڕاستەوخۆ لەم حەکایەتەدا هەیە.

لەم حەکایەتەدا دژە پاڵەوان پادشای ڕاستەوخۆ بە دوای هەواڵ وەرگرتن نییە لە بارەی پاڵەوان, بەڵکو لە ڕێگەی کەسی سێیەمە(w3).

**((شای عەجەم زانی کچی قاقانی چین لە ناو کۆشککێک دایە و کۆشکەکە لە ناو دەریادایە. فەرمانی دا لە سەر کەناری دەریاوە تۆنێک لە بن ئاو لێ بدەن تاکو دەگاتە بن کۆشکەکە. تۆنییان لێداو پاسەوانی لە دیار دانو پیرژنێکی دۆزییەوە)(عزیز,2014(201)**

ئەمەی سەرەوە سەرەتای بەدواداگەڕانی کۆکردنەوەی زانیارییە لەلایان کەسی سێیەم بۆ ئامانجی دژە پاڵەوان کە پادشای عەمە, ئەمیش بە هۆی بەکارهێنانی پیرەژنێک, پیرەژنە بەکارهاتووەکە لە تیۆرەکەی پرۆپ ناو ناراوە (کەسی سێیەم"W3").

**2-1-5-فێلT:**

فێل بریتییە لە وەرگرتنی ئەنجامی بنەمای (بەدواداگەڕان"W"), چونکە کاتێک پرۆسەی بەدواداگەڕانت دەکەویتە کار, زانیارییێک دەست دەکەوێت, بەو زانیارییە بە دەست هاتووە دەوترێت فێل, فێل سێ جۆرە (فێل لە لایەن دژە پاڵەوان لە بارەی پاڵەوان"J1"),(فێل لە لایەن پاڵەوان لە بارەی دژە پاڵەوان"J2"),( فێل لە لایەن کەسی سێیەم یا بۆ پاڵەوانە یا بۆ دژە پاڵەوانە"J3")

**((داوای لێکرد بە ناو نۆییەکەدا بچێتە بن کۆشکی کشەکە و بە هەر دەک و دۆلابێک بی کچەکە فریو بداو بۆی بێنێ, پیرەژن بە ناو نۆینەکەدت ڕۆیشت لەو سەری هاتە دەرەوە لە بن دیواری کۆشکی کشەکە ڕاوەستا))(عزیز,2014)(201).**

لەم پەڕەگرافەدا پڕۆسەی بە فێل دەست پێدەکات لە لایەن کەسی سێیەمەوە, پڕۆسەی فێل لە جۆری (J3) ئەم بنەمایە ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە بنەمای پێش خۆی و بنەمای دوای خۆی.

**2-1-6-هەوکاری نەخوازراوg:**

هاوکاری نەخوازراو یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرەتای دەرکەوتنی کێشمەکێش و ململانێی ناڕاستەوخۆ لە نێوان پاڵەوان و دژە پاڵەوان, جا ئەو شتەی دەبێتە هۆی هاوکارییەکە کەسێکە کە زانیاری دەبەخشێت لە بارەی یەکێکی تر بەبێ ئەوەی ئاگای لێ بێت زایناریەکە دەبێتە هۆی هاوکاریکردنی گوێگرەکە بۆ لە ناوبردنی ئەوی تر, مەبەست لەمە ئەوەیە هاوکاریکردنە کە بە ئاگایی و ویستەوە ناگوترێت لە لای ئەوەی زانیاری لایە, بەڵکو وەک شتێکی ئاسای دەگوترێت بەڵام ئەوەی دەیەوێت پرۆسەی فێڵەکە سەر بگرێت ئەو بە ئاگاییەوە لە دوای ئەو زانیارییانەیە و دەیەوێت ورد شتەکان لەو کەسە وەربگرێت, بۆ ئەوەی بەکاری بهێنێت لە بەرامبەر دژەکەی, یاخود جاری وا هەیە بەهۆی سحرێکەوە ئەو یارمەتی دەست دەکەوێت. یاخۆد بەهۆی گۆڕینی ئاراستەی ئامانجی یەکێک بۆ شوێنی ئامانجی خۆی, بەڵام ئەو گیانلەبەری ئاراستەی ئامانجەکەی گۆڕدراوە ئاگادار نییە بەوەی فێڵی لێکراوە, ئەمە زۆر جار لە حەکایەت بەم شێوەیە دەردەکەوێت پاڵەوان یاخود دژە پاڵەوان دەچێتە شوێنێک نیشانەیەک دانراوە دژەکەی ئاراستەی نیشانەکە دەگۆڕێت بۆ ئەو شوێنەی کە خۆی دەیەوێت, ئەمیش بە دوای ئاراستەکە دەکەوێت, بەڵام خۆی ئاگای لێ نییە لە ئامانجەکەی خۆی دوورخراوەتەوە و بۆتە ئامرازی هاوکاریکردنی ئەوەی دژی ئەوە لە وانەیە کەسێک بێت یا ئەژدیهایەک یاخود هەر شتێکی تر, هاوکاری نەخوازراو بە سێ جۆر دەکرێت) قەناعەت پێ هێنان"g1"),(بەکارهێنانی سحر و جادوو"g2"),(بەکارهێنانی ئامرازی تر"g3").

**((باشە ئازیز گیان ئێستا پێت دەڵێم روحم لە کوێیە, بەڵام لە من و تۆ زیاتر نابێ کەس بەم سرە بزانێ, روحی من لە ناو ئەو شیرەدایە کە کاتی دەنووین لە بەینی خۆم و خۆتی درێژ دەکەم, جا ئێستا دڵت داکەوت, ئازیزگیان! کچەکە هەستاو مێردەکەی گرتە باوەش و سوپاسی کرد کە بە ڕاستی خۆشی دەوێ و متمانەی پێ دەکا. سبەینێ ڕۆژی پاشی, کە ئەحمەد وەکوو جاران چووە دەرەوە. کچەکە چووە لای شێۆەکە و لە باوەشی کرد و ماچی کرد,پیرەژن دیتی و هات پێی گووت:کچم ئەوە تۆ چ دەکەی؟ڕوحی مێردەکەی خۆم ماچ دەکەم. ئەم شیرە روحی مێردەکەمە!ً ئاە ئەمە ڕێی دەچێ! لە گۆینە وابێ, بەڵام پەنجەرەوە و گەسێک ناچن! دەبێت مێردەکەت زۆر ئاگای لەم شیرە بێ, چونکە ڕوحی خۆی تێدایە.هەڵبەتە زۆر ئاگای لێیە! بۆیە کە دەخەوین لە بینی خۆم و خۆی درێژ دەکا. پیرەژنیش ئەمەی دەویست.دروست بزانێ ئەحمەد شەو شیرەکەی لە کوێ دەدانێ!))(عزیز,2014)(209)**

لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت کە خێزانی پاڵەوان بە هاوکارێکی نەخوازراو زانیاری پێشکەش بە پیرەژن دەکات, چونکە پیرەژن کەرستەی بەکارهاتووە لە لایان دژە پاڵەوان بۆ کۆکردنەوەی زایناری لەسەر پاڵەوان, بۆیە جۆری هاوکاریکردنەکە لە جۆری یەکەمە (g1) ئەمەش کاتێک پیرەژن داوا لە خێزانی پاڵەوان دەکات بۆ ئەوەی بزانێت روحی پیاوەکەی لە ناو چیدایە, ئەمیش ئەوەی پیرژەنەکە دەیویست دەستی بکەوێت لە بارەی پاڵەوان بۆ دژە پاڵەوان ئەوە بوو خێزانی ئەو نهێنییەی پێگووت ئەمیش بەهۆی ئەوەی پیرەژن "قەناعەت"ی بە خێزانی پاڵەوان کرد بۆ ئەوەی ئەو شتەی بۆ کەشف بکات, کەواتە هاوکاری نەخوازراو لە جۆری "قەناعەتg1" بوو.

دەرکەوتەی بنەمایەکانی بازنەی دۆخی سەرەتایی لە کتێبی (هەقایەتی کوردەواری(1) سێ دەرمان)دا:




**2-2-بەدبەختییە سەرەتاییەکان h**

**2-2-1-شەڕX :**

یەکێکی تر لە بنەماکانی تیۆرەکەی پرۆپ بریتییە لە شەڕ, یەکێک شەڕ بەرامبەر یەکێکی تر دەکات, ئەم شەڕکردنەش لە پێناو ئەمانجێکە کە لە خاڵی داهاتوو باسی لێوە دەکەین, بنەمای شەڕ خاوەنی نۆزدە برگەیە بۆ نموونە (مرۆڤ دزین"X1"), (دزینی ئامرازی سحر و جادوو"X2") ... هتد (ڕاگەیاندنی شەڕX19"").(کاشگیر,1368ه:(57-60).

(( ئێواری, کە ئەحمەد هاتەوە و شێوی خوارد و نەختێ حەسیایە. هەموو چوون نوستن. پیرەژن چاوەڕێی کرد تا بوو بە نیوە شەو, ئەوسا هێدی لە ناوجێ هەستاو لە سەر پەنجەی پێ چووە ژووری ژن و مێردەکە. وردە وردە لە چوارپاکەیاننزیک کەوتەوە و هەستی ڕاگرت, زانی خەویان لێ کەوتوە و شیرەکەشی دی لە بینیان درێژکرابوو. لە سەر خۆ بێ ئەوەی ژن و مێردەکە هەست پێ بکەن, شیرەکە ڕاکێشاو بردی بای داو تا هێزی تێدابوو فرێی دایە ناو دەریا.شیرەکە نقووم بوو کەوتە بن دەریا))(عزیز,2014:(209-210)

شەڕکردن لەم پەڕەگرافەی برتییە لە فڕێدانی شیرەکە بۆ ناو ئەو، ئەمەش لە جۆری دووەمی جۆرەکانی شەڕە (دزینی کەرەستەی سیحراوی"X2").

2-2-2- کەمیەتی"x"

کەمیەتی، یاخود کەمبوون کە هێماکەی (x)ی سمۆڵە یەکێکی ترە لە بنەماکانی تیۆرەکەی پرۆپ، ئەم کەمبوونەش پەیوەستە بە خاڵی شەڕ، چونکە بەهۆی شەڕەکە یەکێک لە پاڵەوان یاخود دژە پاڵەوان شتێک لەدەستدەدات لە دەستدانی شتەکە دەبێتە هۆی کەمیەتی و نەقس لە لای ئەوەی کەشتەکەی لێ برراوە. کەمیەتی شەش جۆری هەیە (نەبوونی هاسەر"x1")، (پێویستی پاڵەوان بە ئامرازە سیحراوییەکە"x2")، (لەدەستدانی شتێکی دەگمەن "x3"). (لەدەستدانی شتی تایبەت وەک خێزان "x4")، (کەمیەتییە مەعنەویەکان"x5")، (کۆی نەقسەکانی تر"x6") (کاشیگر,1368ه:(62-63).

**((پیرەژنەکە کەزی درێژی کچەکەی گرت و لە دەستی خۆی لوول داو بە سەری دا چریکاند: یاللا هەستە! شای عەجەم چاوەڕێت.....ئینجا کشەکەی ڕاکێشا خۆوارێ بۆ دەرگای نوینەکە، پاسەوانی شا لەوێ چاوەڕییان دەکرد))، (عزیز،2014:(210)**

جۆری کەمیەتی لای پاڵەوان بریتییە لە جۆری (لەدەستدانی شتی تایبەتی وەک خێزان"x4").

**2-2-3-چرکەساتەکانی پەیوەندیکردن Y:**

بنەمای (چرکەساتەکانی پەیوەندیکردن) لەسەر بنەمای یەکەم دەرکەوتی پاڵەوانە وەک پاڵەوانبوون و هەڵگری تایبەتمەندی پاڵەوان بوون لە ناو حەکایەتدا، بۆیەش ناونراوە چرکەساتی پەیوەندییەکان، چونکە لە دوای ئەوەی ئەندامێک لە خێزانی پاڵەوان، یاخود شتێک لە پاڵەوان کەم دەبێت و کەمیەتی لە ژیانی پاڵەوان دروست دەبێت وەک ئەوەی لە بنەمای (کەمیەتی) باسمانکرد، ئەو کات پاڵەوان وەک یەکەم دەرکەوتنی بە ناسنامەی پاڵەوانی دەبینرێت، تاکو بەر لە دەرکەوتنی وەک پاڵەوان، پاڵەوان وەک پاڵەوان ناسنامەی نەبوو، بەڵکو لێرە بە دواوە خوێنەر هەست بە ناسنامەی پاڵەوان دەکات، چونکە پاڵەوان دەست دەکات بە ئەنجامدانی ئەو شتانەی کە کەسێک دەکات بە پاڵەوان، چرکەساتەکانی پەیوەندیکردن شەش جۆری هەیە، بەرلەوەی باسی جۆرەکانی چرکەساتی پەیوەندیکردنی پاڵەوان بکەین، پێوستە ئاماژە بە دوو جۆر لە هاتنە ناوەوەی پاڵەوان بکەین، یاخود دوو جۆر لە دەرکەوتنی پاڵەوان بکەین. یەکەمیان، پاڵەوان کەسێک ڕزگار دەکات. دوومیان، پاڵەوان خۆی قوربانییە و کەسێکی تر پاڵەوان ڕزگار دەکات، لە بارەی جۆرەکانی پەیوەندیکردن، پرۆپ لە تیۆرەکەیدا حەوت جۆری دیاریکردوون، وەک (داوا لە پاڵەوان دەکرێت هاوکاریان بکات، لە بەرامبەردا پاداشت دەکرێت"Y1")، (پاڵەوان ڕاستەوخۆ دەست بە هاوکاری دەکات بەبێ ئەوەی هاوکاری بکرێت"Y2")، (ڕێگە بە پاڵەوان دەدرێت لە ماڵ دەربچێت"Y3")، (ئازار و بەدبەختییەکان ڕوون دەکرێنەوە"Y4")... هتد. (کاشگیر:1368ه:(65-66)

**((ئەحمەد، تا سێ و نۆ ڕۆژ بەم جۆرەیە مایەوە. ئەگەر چل ڕۆژ بە سەردا چووباو شیرەکەی بۆ نەهاتبایەوە بە یەکجاری دەمرد.....کاکەی ناقوور چووەن شوێنەکە و خۆی لە دەریادا نقوم کرد چوە بنی دەریاو شیرەکەی دیتەوە و هێنای و هاتەوە لای براکانی. شیرەکەی لەسەرینگانی ئەحمەد داناو ئەحمەد لە خەوی وەک مردن بە ئاگا هات. سەیری دەوورووبەری خۆی کردو گوتی: هاوسەری ئازیزم! هۆ هۆ هاوسەری ئازیزم، لە کوێی؟ کاکەی ناقوور زللەیەکی لە بنا گوێی ڕاستە و زللەیەکی بە بنا گوێی چەپەی ئەحمەد داو گوتی: ئەوەی بیەوێت پارێزگاری لە هاوسەری ئازیزی خۆی و ڕوحی خۆشەویستی خۆی بکا، دەبێ ئاگاداری خۆی بێ و بزانێ چۆن لەگەڵ پیرەژنان دەجوڵێتەوە! ئینجا پێی گووت پیرەژنەکە بە تایبەتی بۆ ئەوە هاتبووە کۆشکەکەت تا تۆ بکوژێ و ژنەکەت برفێنێ و بۆ شای عەجەمی ببا. لە ئەرکەکانی سەرکەوتووش بوو،بە داخەوە ژنەکەت ئەقلی خۆی لە دەست داوەو ئێستا لە کۆشکێکی لا چەپ، لایشای عەجەم , دەژی.دەبێ هەر ئێستا بچین ڕزگاری بکەین.))(عزیز،2014:(212-213).**

بەرلەوەی باسی جۆرەکانی چرکەساتی پەیوەندی بکەین, پێوستە سەرەتا باسی جۆری یەکەمی هاتنە ناوەوەی پاڵەوان بکەین بۆ ناو حەکایەت وەک ئەوەی پرۆپ لە تیۆرەکەی ئاماژەی پێداوە. بە دوو شێوە پاڵەوان دەردەکەوێت, ئەوەی لەم پەرەگرافەی سەرەوە دەبینرێ پاڵەوان خۆی بۆتە قوربانی و سێ لەو هاوڕییانەی کە لە سەرتای گەشتەکەی ناسینی و بریاریاندا ببنە برا ئەحمەدیان ڕزگار کرد, چونکە هەر یەکێک لەو سێ برایانەی ئەحمەد خاوەنی شتێک یا بەهرەیەکی سەرووی سروشتی بوون.

لە بارەی جۆری چرکەساتی پەیوەندیکردن لەم حەکایەتەدا, چرکەساتی پەیوەندیکردن لە جۆری شەشەمە کە (پاڵەوانی حەکایەت کە حوکمی مەرگی لەسەر دراوە بە شێوەیەکی شاراوە رزگاری دەبێت"Y6").

**2-2-4-بریاردانی پاڵەوانی حەکایەت W:**

دوای ئەوە پاڵەوان خۆی شتێکی بەسەر دێت, یاخود ئەندامێک لە خێزانەکەی توشی شتێکی لەو شێوەیە دەبێت, ئەوە "بڕیاردەدات" بۆ ئەوەی ئەوەی بەسەر خۆی, یاخود ئەندامێک لە خیزانەکەی هاتووە ڕزگاری بکات و لەسەری لابدات, ئەم بنەمایە لە ناوخۆیدا دەبێتە دوو بنەمای بچوکتر. یەکەمیان (ڕۆیشتن کە هێماکەی بەم شێوەیە دانراراوە"Î"), دووەمیان (یەکەمین کاری بەخشندە "D"), بەڵام بنەمای دووەم جارێکی تر لە ناوخۆیدا دەبێتەوە حەوت جۆری تر وەک (بەخشندەکار پاڵەوانی حەکایەتەکە تاقی دەکاتەوە بە شێوەی (کارێکی پراکتیکی)"D1"), (کەسی بەخشندە پاڵەوان تاقی دەکاتەوە بە شێوەیەکی تیۆری (وەک پرسیارێکی لێ دەکات)"D2")... هتد (کاشگیر,1368ە:(67-68).

**((ئەحمەد گووتی: من بە تەنیا دەچم, نابێ ئێوە لە گەڵم بێن. هەر خۆم رزگاری دەکەم.براکانی ڕازی بوون کە ئەحمەد بە تەنێ بچێ. دەستە بەرگێکی عەجەمییان بۆ هێنا بۆ ئەوەی وا بزانن عەجەمە))(عزیز,2014:(214-2015).**

**2-2-5-بەرەنگاربونەوە(ململانێ)L:**

دوای ئەوە پاڵەوان بڕیاردەدات کە ئەوەی لەدەستی داوە, یاخود کەمیەتی بە دەستی بهێنێتەوە, بڕیاردەدات بۆ بەرەنگاربوونەوەی دژە پاڵەوان, بەرانگاربوونەوەکەش چوار جۆرە (جەنگ"L1"), (پێشبرکێ"L2"), (قومار"L3"), (فۆرمێکی تایبەت لە بەرەنگاربوونەوە"L4"). (کاشگیر,1368:(82).

**((ئەحمەد جلەکەی کردە بەرو بە ناو تۆینەکەدا ڕۆیشت تا گەیشتە ولاتی عەجەم .......ئەحمەد بە جلی عەجەمان چووە ئاهەنگی زەماوەند. کە ئاهەنگە کە تەواو بوو خەڵک پەرتەی کرد, ئەحمەد چووە ئەو ژووری بۆ شاو ژنەکەی تەرخان کرابوو. لەوێ خۆی شلردەوەو چاوەڕێی کر تا دەرمانی بێ هۆشی کاری لە شاکرد)),(عزیز,2014:(2016-217).**

لەم پەڕەگرافەی سەروە پاڵەوان بەرامبەر دژە پاڵەوان دەوستێتەوە, چەنکە دژە پاڵەوان دەیەوێت خێزانی پاڵەوان بکات بە خێزانی خۆی, بۆیە پاڵەون بە دوو شێوە دژە پاڵەوان لە ناو دەبات, جاری یەکەم هەوڵ دەدات ماددەیەکی بێهۆشکەری بداتێ پاشان هەوڵی لە ناوبردنی بدات, بەمەش ئەم شێوە لە ناوبردنە لە ناو تیۆرەکەی پرۆپ زیاتر لە جۆری (جەنگ) نزیکترە لە جۆرەکانی تر.

**2-2-6-خاڵی سەرکەوتن "V":**

ئەم خاڵە لیکەوتەی خاڵی پێش خۆیەتی کە بەرەنگاربوونەوە بوو, لە خاڵی سەرکەوتن پاڵەوان بەرنگاری دژە پاڵەوان دەبێتەوە و لە ڕووبەڕووبوونەوەکەدا پاڵەوان زاڵ دەبێت بەسەر دژە پاڵەوان, پاڵەوان بەسەر دژە پاڵەوان سەر دەکەوێت, سەرکەوتنەکەش شەش جۆری هەیە (لە شەردا پاڵەوان دژە پاڵەوان تێکدەشکێنێ"V1"),(لە پێشبرکێدا پاڵەوان بە سەر دژی پاڵەوان سەردەکەوێت"V2"), (دژە پاڵەوان لە قومار دەدۆڕێنێ"V3"), (لە پێوانەکردنەکە دژە پاڵەوان دەدۆڕێت"V4"), (بە بێ ڕووبەڕووبوونەوەی سەخت دژە پاڵەوان دەشکێ"V5"), (دژە پاڵەوان دووردەکەوێتەوە, یاخود دووردەخرێتەوە, یانیش ون دەبێت "V6"). (کاشگیر,1368: (83)..

**((ئەوسا پەلاماری داو شایی بە شیرەکەی کوشت و ژنەکەگرتە باوەش.ژن و میرد, زۆریان دەردە دڵی کردو نوستن)) (عزیز,2014:(2016-217).**

ڕووبەڕووبوونەوەکە لە جۆری (بێ ڕووبەڕووبوونەوەی سەخت دژە پاڵەوان"V5"), پاڵەوان بەبێ ئەوەی لەگەڵ دژە پاڵەوان توشی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەخت بێت, بەسەر دژە پاڵەوان سەردەکەوێت وەک ئەوەی لەم حەکایەتەدا بێ ئەوەی پاڵەوان ڕووبەڕووی دژە پاڵەوان ببێتەوە دژە پاڵەوان لەناودەبات.

2-2-7-لەکۆڵکردنەوەی خراپەE:

مەبەست لەم خاڵە پڕکردنەوەی ئەو کەمیەتییە کە ڕووی لە پاڵەوان کردبوو, وەک ئەوەی لە خاڵی (کەمیەتی) باسمانکرد. پاڵەوان دوای ئەوەی بەسەر دژە پاڵەوان سەر دەکەوێت ئەو کەمیەتیی هەیبووە پڕی دەکاتەوە. پێوستە ئاماژە بەم خاڵە و خاڵی (شەڕ) بدەین, چونکە ئامادەبوونی ئەم دوو خاڵە لە حەکایەتدا, گێڕانەوەی حەکایەتەکە دەگەیەنێتە لوتکە. لەکۆڵکردنەوەی خراپە بە یازدە شێوە دەبێت (شتەکە, یاخود کەسە خوازراوەکە لە ڕێگەی بەکارهێنانی فشار, یاخود فێڵ وەردەگیرێتەوە"E1"), (شتەکە, یاخود کەسە خوازراوەکە بەهۆی کردارێکی بەدوایەکی چەند کەسێک بەدەستدەهێنرێتەوە"E2"), (شتەکە, یاخود کەسە خوازراوەکە لە ڕێگەی تەڵەدانانەوە وەردەگیردرێتەوە"E3"), (وەرگرتنەوەی شتەکە, یاخۆد کەسە خوازراوەکە ڕاستەوخۆ وەکو لێکەوتەی کرداری پێشوو دەبێت" E4"), (شتەکە, یاخود کەسە خوازراوەکە لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەرستەیەکی سحرییەوە خۆبەخۆ وەردەگیرێتەوە"E5"), (بەکارهێنانی کەرستە سیحراویەکە کۆتای بە هەژاریەکە دێنێ"E6") ,(شتەکە, یاخود کەسە خوازراوەکە وەردەگیردرێتەوە"E7"), (سیحرەکە بەتاڵ دەبێتەوە, سیحرلێکراو ئازاد دەبێت"E8"), (مردووەکە زیندوو دەبێتەوە"E9"), (زیندانییەکە ئازاد دەبێت"E10"), (هەندێک جار کەسەکە, یاخود ئەو شتەی بە دوای دادەگەڕێن بە هەمان ئەو شێوەی ئامرازە سیحرییەکە بەدەستدێت"E11") (کاشگیر,1368:(84-86).

**((پیرەژن تەگبیری بۆ ژنەکە کردخەبەر بۆ شای عەجەم بنێری کە ڕازییە مێردی پێ بکا. لە هەمان کاتدا, تۆزێکی بێ هۆشی دایە و پێی گووت شەوی زەماوەند بۆ پاشا لە شەرابی بکا.....کە شاو ژنەکە, شەو چوونە پەردە, ژنەکە داوای لە شا کرد گووتی: با یەکجار بادە شەڕابێک بخۆینەوە, ئەوسا دەست بە ڕابواردن بکەین.....شا کە بادەکەی نۆشی, یەکسەر بەربووەوەو لە هۆش خۆی چوو!))**

لەم حەکایەتدا کەمیەتی پاڵەوان بریتییە لە لەدەستدانی خێزانەکەی, شێوەی وەرگرتنەوەی خێزانەکەی لە جۆری ((شتەکە, یاخود کەسە خوازراوەکە لە ڕێگەی تەڵەدانانەوە وەردەگیردرێتەوە"E3")ە

**دەرکەوتەی بنەمایەکانی بازنەی بەدبەختیە سەرەتایەکان لە کتێبی (هەقایەتی کوردەواری(1) سێ دەرمان)دا:**




**2-3-گەڕانەوە :**

**2-3-1-ئاشکرابوون Dv:**

خاڵی ئاشکرابوون پەیوەندی بە دەرکەوتن و ونبوونی پاڵەوانی ساختە و ڕەسەن هەیە, ئەمەش بەوەی پاڵەوانی ڕاستەقینە دەردەکەوێت و ئەوەی بە ساختە خۆی کردبووە بە پاڵەوان ئەویش ئاشکرا دەبێت (کاشگیر,1368:(95).

**((ڕۆژێ ئەحمەد شا دەستوری دا, هەموو خەڵکەکە بێن لە بەردەم کۆشکی پاشادا کۆببنەوە. خەڵکەکە هاتن. شا چووە دەرەوە بۆ ناو خەڵکەکە و قسەی بۆ کردن و ووتی: هۆ خەڵقینۆ, حەز دەکە بزانن شای رساتەقینەتان مردەوە))(عزیز,2014(218).**

دوای ئەوەی شا کە وەک دژە پاڵەوانێک بەرامبەر پاڵەوان دەوەستایەوە, پاڵەوان توانی دژی خۆی بکوژێت, وەک ئەوەی لە خاڵی (لەکۆڵکردنەوە) باسمانکرد, دوای ئەوەی توانا بەسەر دژە خۆی سەرکەوێت ئیتر خۆی ئاشکرای کرد کە ئەوەی پێش خۆی پاڵەوان نییە, بەڵکو خۆی پاڵەوانە.

**2-3-2-هاوسەرگیریN :**

پاڵەوانی حەکایەت دوای ئەوەی توانی بەسەر دژە پاڵەوان سەرکەوێت و ئەوەی (کەمیەتی) کە لەدەستیدابوو بە دەستی دێنیتەوە و پاشان خۆی ئاشکرا دەکات کە ئەو پاڵەوانە, ئیتر دەست دەکات بە زەواجکردن و پرۆسەی هاوسەرگیری. ئەمەیش بە چەند شێوەیەک دەبێت (هاوکات بە ژن و پاشایەتی دەگاتN**"), (تەنیا ژن دەهێنێ ناگات بە پاشایەتی " N*"), (تەنیا بە شایەتی دەگاتN"), بەڵام کە تەنیا بە شایەتی دەگات خالی نییە لە زەواجکردن, بەڵکو زەواجکردنەکەوی دەکەوێتە کاتێکی تر, ئەمەیش بەهۆی ڕوودان و هاتنە پێشەوەی چەند کێشەیەک و شەڕێکی تازە, ئەم دۆخەش کە لە حەکایەت بۆ پاڵەوان دێتە پێش سێ جۆی هەیە وەک (ئەلقە دەگۆڕنەوە یانیش بەڵێنی زەواج دەدەن"n1"), (لە دەستدانی خێزانی پاش زەواجکردن جارێکی تر بە دوایدا دەگەڕێتەوە"n2"), (هەندێک جار پاڵەوان نایەوێت زەواج بکات, لە بەرامبەردا خەڵاتێک وەردەگرێت. (کاشگیر.1368:(97)

**((لەو ڕۆژەی شا ئەو ژنەی هیناوە, شا نەماوە من حوکمتان دەکەم کە مێردی ڕاستەقینەی ئەو ژنەم و ڕۆژی زەماوەندەکە هاتم ڕزگارم کرد. ئێستاش ئەگەر بە من ڕازی بن ئەوە من شای ئێوەم و لە پاشایاتی بەردەوام دەبم, ئەگەر بە منیش ڕازی نین, هەر ئێستا ئەن تەخت و وڵاتە بە جێ دێڵم و دەچمە دوای ئیشی خۆم و ئێوە بۆ خۆتان پاشایەکی تر دابنێن! . هەموو خەڵکەکە واقیان وڕماو هاواریان کرد بژی شا و داوایانکرد لە شایەتی بەردەوام بێ و حێیان نەهێڵێ. بەم جۆرە ئەحمەد بە پاشایەتی مایەوە و لەگەڵ ژنەکەی بە شادی و نەخۆشیو بە تەبا و بە تفاقی ژیان))** (عزیز,2014:(218-219)

دوای ئەوەی پاڵەوان خێزانەکەی لە دەستی دژە پاڵەوان (شای عەجەم) ڕزگار دەکات و بە شێوەیەکی شاراوە دەیکوژێت و جل و بەرگی لەبەر دەکات و خۆی دەخاتە شوێنی ئەوەوە, لەگەڵ خێزانی خۆی کە پێشتر بردرابوو ئاهەنگێکی تر دەکاتەوە و بە پادشایەتی دەگات, ئەمەش گوزارشتە لە شێوەی ((هاوکات بە ژن و پاشایەتی دەگات"N**") لە جۆری ((لە دەستدانی خێزانی پاش زەواجکردن جارێکی تر بە دوایدا دەگەڕێتەوە"n2").

**دەرکەوتەی بنەماکانی بازنەی گەڕانەوە لە کتێبی (هەقایەتی کوردەواری(1) سێ دەرمان)دا:**




**2-4-کێشەی نەبوونی هەموو بنەماکان لە حەکایەتێکدا**

ئەوەی لێرە پێشکەشکراوە دۆزینەوەی ئەوبنەمانەی تیۆرەکە پرۆپە لە حەکایەتی (ئەحمەد و کچی قاقانی چین)دا, بەشێوەیەکی گەشتی لەم حەکایەتەی ئێمە, کە بۆ توێژینەوە هەڵبژێردرابوو لە کۆی (31) بنەمای تیۆرەکەی پرۆپ (15) بنەمای لێدۆزرایەوە, ڕەنگە خوێنەر پرسیارێکی لە زەهنی دروست ببێت, بۆچی هەموو بنەماکانی تیۆرەکەی پرۆپ لە حەکایەتەکەدا نەبوون؟ بە نەبوونی هەموو بنەماکانیش ئەم توێژینەوەیە دەکەوێتە ژێر پرسیاری ئەوەی سەرکەوتوو نەبووە, بە پێچوانەوە خودی (ڤلادمێر پرۆپ لە کتێتی (ریخت شناسی قصەهای پریان) وڵامی ئەو پرسیارەی خوێنەری داوەتەوە ئەمەیش بەوەی ((پێش هەموو شتێک پێوستە ئەوە

بڵێم کە بە هیچ شێوەیەک هەموو بنەماکان لە هەموو حەکاتەکان ناهێن))(پراپ,1394ە(83) بەو مانایەی لە هیچ حەکایەتێک هەموو بنەماکان نەهاتوون, بەڵکو لە تەواوی حەکایەتەکانی جیهان ئەو (31)خاڵە هەڵێنجراون, بە مانایەکی تر هەر حەکایەتێک لە حەکایەتەکان پەیوەستە بە دەرکەوتنی چەند بنەمایەک, بەڵام بە وربوونەوە لە هەموو حەکایەتەکان, ئەم تێورە لە دایکبووە. بۆیە ئەگەر حەکایەتێک هەموو ئەم بنەمایانەی نەبوو لە ناوخۆیدا, ئەمە مانای ئەوە نییە ئەم حەکایەتە لە دەرەوەی تیۆرەکەی پرۆپە, بەڵکو دەکرێت لەم حەکایەتدا ئەم بنەمایانە هەبێت, بەڵام لە حەکایەتێکی تردا دەکرێت چەند بنەمایەک لەو (15) بنەمای ئەم حەکایەت و بە زیادەی چەن بنەمایەکی تر بتوانن (15) بنەما یا زیاتر, یاخود کەمتر هەبن.

**2-5-ئەنجامەکان**

لە توێژینەوەکەدا کار لە سەر بنەماکانی تیۆرەکەی پرۆپ کراوە بۆ خوێندنەوەیەک لە حەکایەتەکانی زمانی کوردی, بەپێ ئەو بنەمایانی پرۆپ بۆ حەکایەتی دیاریکردوون لە ئەنجامی شیکردنەوە و توێژیەوەکەمان گەیشتیەن ئەم ئەنجامە

2-5-1-لە کۆی حەوت بنەمای دۆخی سەرەتای لە تیۆرەکەی پرۆپ لە حەکایەتی هەڵبژێردراو شەش بنەما دەرکەوتوون, بەمەش ڕێژەی (86%)ی بنەماکانی دۆخی سەرەتای لە حەکایەتەکەدا هەیە.

2-5-2-لە کۆی چواردە بنەمای دۆخی بەدبەختییە سەرەتاییەکانی تیۆرەکەی پرۆپ لە حەکایەتی هەڵبژێردراو حەوت بنەما دەرکەوتوون, بە مەش ڕێژەی (50)ی کۆی بنەماکان دەکات.

2-5-3-لە کۆی نۆ بنەمای دۆخی گەڕانەوە لە حەکایەتی هەڵبژێردراو بۆ لێتوێژینەوە دوو بنەما لە حەکایەتەکەدا دەرکەوتوون, بەمەش دەکاتە ڕێژەی (22.22%) لە حەکایەتەکەدا.

2-5-4-کۆی دەرکەوتنی بنەماکانی تیۆرەکەی پرۆپ لە کۆی 31 سی و یەک بنەما, ئەگەر سێ بنەمای ناونانی دۆخی لێ -دەربکەین, چونکە ئەمانە ناونانی دۆخەکانە, بەمەش لە کۆی 29 بنەمای کردەیی (15) بنەما دەرکەوتووە بەمەش دەکاتە ڕێژەی (51.7%) لە حەکایەتەکەدا, بەمەش حەکایەتی هەڵبژێردراو بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز پەیڕەوی بنەماکانی تیۆرەکەی پرۆپی کردووە, چونکە پرۆپیش دامەزراندنی ئەم بنەمایانە بۆ کۆی حەکایەتەکان داناوە تەنیا بۆ یەک حەکایەتی دانەنەوە خۆی دەڵێت: ((پێش هەموو شتێک پێوستە ئەوە بڵێم کە بە هیچ شێوەیەک هەموو بنەماکان لە هەموو حەکاتەکان ناهێن)) (پراپ,1394ە(83).

**2-8-لیستی سەرچاوەکان**

2-8-1سەرچاوە بە زمانی کوردی

1-ئەدەبی میللیی و فۆلکلۆریی, ب3, د. ئیدریس عەبدوڵڵا, چاپی یەکەم, چاپخانەی حاجی هاشم, هەولێر, 2014.

2-ئەفسانە, نەبیلە ابراهیم, وەرگێرانی (محمەد بەدری), چاپی یەکەم, چاپخانەی علاء , بەغداد, 1986.

3-ئەفراندن و مرد لە ئەفسانەی کوردیدا"بە پێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان", فەرهاد عزیز, چاپی یەکەم, چاپخانەی حاجی هاشم, هەولێر, 2013.

4-ئەفسانە و مەعریفە, خەسرەو میراودەلی, چاپی یەکەم, پاپخانەی پەنجەرە, سلێمانی, 2016.
5-هەقایەتی کوردەواری(1)سێ دەرمان, عزیز گەردی, چاپی یەکەم, چاپخانەی ڕۆژهەڵات, هەولێر, 2014.
6- حەکایەتی خوارفی کوردیی لە ڕووی مۆرفۆلۆژیەوە, د. شوکریە رسول, چاپ؟, چاپخانە؟, شوێن , 2003.
7-گەڕان بە دوای نەمریدا, مەولود ئیبراهیم حەسەن, چاپی یەکەم, چاپخانەی ئاراس, هەولێر, 2002.
8-فەرهەنگی ئەدەبی, د. موحسین ئەحمەد عومەر, چاپی یەکەم, چاپخانەی حەمدی, سلێمانی, 2012.
9-فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی, نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد, چاپی یەکەم, چاپخانەی بینایی, سلێمانی,2011.
2-9-1سەرچاوە بە زمانی فارسی
10-ریخت شناسی قصه, کاشگیر, چاپ اول, چاپخانه میخک, محل؟, 1368ه.
11-ریخت شناسی قصەهای پریان, ولادمیر پراپ, ترجمه (فریدون بدرەای), چاپ چهارم, تهران, 1396ه.

## The formalism of Kurdish tale based on Vladimir props narrarive structure theory,(Hekayet î kurdewarÎ sê darman) as an example

Dr.Sirwan jabar amen
Soran university-faculty of arts- kurdish deparment
Chaware neamat saleh
.Soran university-faculty of arts- kurdish deparment

**Abstract**
Tale is one of the lingual of the literary sort that different notion, experience. This sort of literary has a crucial and effective position in the literary world. Tale has a long history and concerned ownership by notions and also regarded as a notion identity.

In the concern of the tales significance, Vladimir props work is regarded as one of those global efforts and attempts in scientific and literary.

Prop tried to collect the tales of different nations and research about it, he could make the science of tale towards the academic domain, and he could also determine a theory about it.

The props attempt is regarded as a scientific work to identify the tale itself and distinguish it with the rest of other literary works like epic and creating a free identity to literal text.

This study is an academic attempt to show and analyze the Kurdish tale based on props theory, then determining the Kurdish tale position among world tales. The sample of the study is a tale from the (Hikayaty kurdawary (1) se darman.

**Keywords**:Kurdish folklore،vladimir prop

د.سیروان جبار امین

جامعه سوران- كليه اداب-قسم للغه كورديه
جاوەری نعمت صالح
جامعه سوران-كليه اداب –قسم للغه كورديه

الملخص
الحكاية هي إحدى الاجناس الادبية الشفاهية للقوميات المختلفة. لها مكانة مهمة في عالم الادب لانها شفاهيه، ولها تاريخ طويل،وفي الوقت نفسه هي ملك لكل القوميات، فهي وثيقة مهمة لحياة وتفكير والهوية القومية بشكل عام. من هذا المنطلق تم الاهتمام كثيرا بهذاالجنس الادبي في اطار الادب العالمي. ومن خلال جمع الحكايات لمجموعة من القوميات ودراستها استطاع بروب ان يحدد المكونات العامة للحكاية ويدخلها في المجال الاكاديمي، وما سعى اليه بروب يعتبر عملا علميا لتعريف الحكاية وتميزها عن باقي الاجناس الادبية الاخرى القريبة بل المثيلة لها،مثل الاسطورة ، وبناء الهوية المستقلة للنص الادبي ايضا.
هذا البحث محاولة اكاديمية يسعى الى تفسير الحكاية الكوردية وفق نظرية بروب. وتحديد مكانة الحكاية الكوردية بين الحكاية العالمية. والنموذج المختار هنا حكاية مترجمة من كتاب كوردى سى درمانه.
يسعى هذا البحث الى تفسير الحكاية الكوردية وفق النظرية العالمية حول التعريف بالحكاية المتداولة عند كثير من الاقوام في العالم. نظرية فلادمير حددت احدى وثلاثون اساسا بهدف تحديد شكل الحكاية. ونحن في هذا البحث استخدمنا نفس الاسس كمعيار لتقييم النص في الحكاية الكوردية وتحديد مستوى التشابه بينهما.

الكلمات المفاتيح
الحكايات الكوردية،اسس الحكايات،فلادمير بوب